وانەی (٤١)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) یەرمیا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (یەرمیا ٢٥، ٢٩ ، ٣٠ ، ٣١) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) چاککردنەوە لەلایەن خوداوە : ٢هەواڵی ڕۆژان ٧: ١٤

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، : چاککردنەوە لەلایەن خوداوە : ٢هەواڵی ڕۆژان ٧: ١٤.

"نمونەی کرێکارانی ناو ڕەز " لە مەتا ٢٠: ١- ١٦ تایبەتە بە **خەڵاتکردن لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

لێکۆڵینەوە بۆ ئەم نمونەیە دەکەین خاڵ بەخاڵ بە بەکارهێنانی شەش ڕێبەری ڕێنماییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

مەتا ٢٠: ١- ١٦ **بخوێنەوە** .

<u>١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.</u>

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان .

گەورەی ماڵ (یاخود خاوەن ڕەز).

خاوەن ڕەز ناوە دەبرێ بە (گەورەی ماڵ) ئەمەش وەرگێڕانێکی وشەبەندیە بۆ دەستەواژەی یۆنانی ، پێدەچێ ئەم پیاوە خاوەنی مولکێك بووبێت کە ماڵەکەی لە نێو ڕیزەکەدا بووبێت و چواردەوری ماڵەکەی ڕەزێکی گەورە بووبێت .

کرێکارەکان (کرێ گرتەکان).

لە وەرزی بەروبومدا ، کرێکارەکان بەکرێ دەگیران بۆ کاری ڕۆژانە ، کرێکارەکان لە مەیدان و ناو بازاڕ کۆدەبونەوە ، کاتێ خاوەن کار دەهات دەیبردن بۆ کار و بەکرێی ڕۆژانە . کاتی کارکردنی ئەو ڕۆژەی کرێکار بریتی بوو لە ١٢ کاژێر کارکردن لە کاتی ڕۆژهەڵاتنەوە دەستی پێدەکرد تا ڕۆژئاوا دەبوو لە کۆتایی هەموو ڕۆژێکی کارکردن کرێکەیان پێ دەدرا (لێقیەکان ١٩: ١٣) .

ڕێککەوتن .

کرێکارەکان سەرەتا ڕێککەوتن لەسەر کرێی ڕۆژانەیان کە دینارێك بوو، دینارێك کرێی ڕۆژانەی کرێکار بوو بۆ هەموو ڕۆژەکە لەو سەردەمەدا، نەدەکرا کرێکارەکان کە درەنگ هاتبوون بۆ سەر کارەکە لەو جۆرە ڕێککەوتنە بکەن لەگەڵ خاوەن ڕەزدا چونکە بەشێک لە ڕۆژەکە ئەوان کاریان دەکرد ، بەڵام خاوەن ڕەزەکە بەڵێنی پێدان مافی خۆیان بداتێ.

پێدانی کرێ .

لەکۆتایی ڕۆژی کارکردن کە دوازە کاژێری دەخایاند واباوبوو کرێکارەکان دیناری خۆیان وەربگرن ، لەم چیرۆکەدا ، ئەو کرێکارانەی یەکەمجار هاتبوونە سەر کار ڕێکەوتنیان نەکردبوو لەسەر کرێی کارەکەیان . بەڵام خاوەن ڕەز کارێکی زۆرزیاتری کرد لەوەی کرێکارەکانی دیکە چاوەڕوانیان لێدەکرد . هەستا بە پێدانی کرێ و بەپێی هەمان کرێی ئەوانەی یەکەمجار هاتبوون کرێی دا بەوانیش !

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا 19: ١٦- ٣٠ .

ئەم نمونەیە بە دوو شت بانگراوندەکەی ڕوون دەبێتەوە : وشەی چونکە لەسەرەتای نمونەکەدا کە گرێدراوە بە نمونەی پێشووتر هەروەها کۆتایی هێنان بە نمونەکە بەهەمان شێوەی نمونەی پێشووتر "بەم شێوەیە دواهەمین دەبنە یەکەمین و یەکەمینیش دەبنە دواهەمین " مەتا ١٩: ٣٠ ؛ بڕوانە مەتا ٢٠: ١٦ .

مەترسی نەچوونە نێو شانشینی خودا .

ئینجیلی مەتا ١٩: ١٦- ٢٦ پێناسەی گەنجێکی دەوڵەمەند دەکات بەڵام زانی کە ژیانی تاهەتایی دەست نەکەوتوە (ڕزگاریی) . ئەو هەوڵی دەداو دەگەڕا بەدوای دەستکەوتنی ڕزگاری ، بەڵام گەڕانەکەی بەشێوەیەکی هەڵە بوو . ئەم گەنجە بیری دەکردەوە کە دەبێت لەڕێگەی کارەکانی و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی شەریعەتەوە ڕزگاریی دەستبکەوێت مەتا ١٩: ١٦، ٢٠ . وە لە وتوێژی لەگەڵ عیسادا ، عیسا ڕاسپاردەی دووەمی لە دە ڕاسپاردەکە وەرگرتەوە ، عیسا ڕاسپاردەی یەکەمی لە دە ڕاسپاردەکە وەرنەگرتەوە چونکە ئەگەر ڕاسپاردەی دووەم جێبەجێ

نەکرێت وەك ئەوە وایە ڕاسپاردەی یەکەم جێبەجێ نەکرابێت ١یۆحەنا ٤: ٢٠ . وەڵامی گەنجەکە هەڵوێستی ڕوکەشی دەردەخات ئەگەر بڕوانینە ڕاڤەی عیسای مەسیح لەڕووی ڕۆحیەوە بۆ ئەم ڕاسپاردەیە مەتا ٥: ٢١-٤٨ ئیدی عیسا وەڵامی دایەوە و فەرموی : " ئەگەر دەتەوێت تەواو بیت، بڕۆ سامانەکانت بفرۆشە و بیدە هەژاران، ئیتر گەنجینەیەکت لە ئاسماندا دەبێت و وەرە دوام بکەوە " عیسا داوای لە گەنجەکە نەکرد بەکارکردن ڕزگاریی دەستبکەوێت بەڵکو متمانەی تەواوەتی لە ملکەچیدا تاقی کردەوە ، چونکە بەبێ متمانەی تەواو بە عیسای مەسیح ڕێی تێندەچوو ئەو گەنجە بچێت و هەرچی هەیە بیفرۆشێ و دابەشی بکات بەسەر هەژاراندا ، ئەمەش واتا خۆڕەتکردنەوەو ملکەچ بوون بۆ عیسای مەسیح بەبێ خۆڕەتکردنەوەو ملکەچ بوون بۆ عیسای مەسیح مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت دوای عیسا بکەوێت و ڕزگاریی بەدەست بهێنێت . بڕوانە پەیدابوون ١٥: ٦؛ ڕۆما ٣: ٢٨ ؛ عیبرانیەکان ١١: ١- ٤٠ ؛ یاقوب ٢: ٢١- ٢٣ .

سەختی چوونە نێو شانشینی خودا .

گەنجە دەوڵەمەندەکە ئەوەی هەڵبژارد کە دەست بگرێت بە سامان ومووڵکەکانیەوەو دوور بکەوێتەوە لە عیسای مەسیح ئەم گەنجە متمانەی نەکرد بەعیسای مەسیح و دوای عیسای مەسیح نەکەوت ئەو کات عیسا فەرموی : " ئاسانترە وشترێك بە کونی دەرزییەکەوە بچێت لەوەی دەوڵەمەندێك بچێتە ناو شانشینی خوداوە " مەتا ١٩: ٢٤ ، ئەوەی عیسا فەرموی بەو واتایە دێت کە بەتەواوی مەحاڵە دەوڵەمەند بتوانێ ڕێگە بگرێتە بەر بەرەو شانشینی خودا ! چونکە سامان ومووڵک وپارە وشتەکان کە خۆی لە نمونەی سەرکەوتن و هێز و دەسەڵات و ناوبانگدا دەبینێتەوە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دڵ و بیروهۆش و ژیانی مرۆڤی سروشتی تا وای لێدێت ئەو شتانە دەبنە خاوەنی مرۆڤەکە و زۆر سەخت دەبێت ڕزگاریان بێت لەو شتانە ! مەتا ٦: ٢٤ ؛ ١تیمۆساوس ٦: ٩- ١٠ ؛ یۆحەنا ٦: ٤٤- ٤٥ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٨- ٩ ؛ مەتا ١٩: ٢٦ ؛ یۆحەنا ٣: ٣- ٨ ؛ کردار ١٣: ٤٨ ؛ فیلیپی ١: ٢٩ ؛ ٢تیمۆساوس ١: ٩- ١٠ .

خەڵاتکردنی ئەو خزمەتکارانەی قوربانی دەدەن لە شانشینی خودا.

پەترۆسی نێردراو ووتی خۆی و قوتابیەکانی دیکە هەموو شتێکیان بەجێهێشت و دوای عیسای مەسیح کەوتن ، وەك ئەوە وابوو پەترۆس لە عیسا بپرسێ ئەی هەڵوێستی ئەوان چۆن خەڵات دەکرێت . لەلایەك پەترۆس وقوتابیەکان ئەوەی عیسا داوای لە گەنجەکە کردبوو جێبەجێیان کردبوو چونکە " ئەوەتا ئێمە وازمان لە هەموو شتێك هێناوە و دوات کەوتووین" لۆقا ٥: ١١ وە لەلایەکی دیکەوە عیسا فەرموی ڕزگاریی بە کارکردنی مرۆڤ نیە مەرقۆس ١٠: ٢٦- ٢٧ تەنها خودا ڕزگاریی دەبەخشێت .

ئیدی عیسا وەڵامی پەترۆس وقوتابیەکانی دایەوە و دڵنیای کردن وهانی دان ، هەر کەسێک قوربانی بدات لە پێناوی عیسای مەسیح هەر لەم سەردەمەدا دە هێندە وەردەگرێتەوە ، لەگەڵ ئەوەی چەوسانەوەو ناڕیحەتی ڕوبەڕویان بوو لە پێناوی عیسای مەسیح لەسەر زەوی بەڵام هەروەها چێژیان دەبینی لە دەستکەوتنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی زۆر زیاتر لە خراپەکاران ، وە لە ژیانی داهاتوشدا کاتێ خوداوەند عیسای مەسیح لە هاتنەوەی دووەمیدا دێتەوە و هەموو شتێك نوێ دەکاتەوە ئیدی خودا خەڵاتی نێردراوان و هەموو ڕۆڵەکانی دەکات ، ئیدی شانشینی خودا بە میرات وەردەگرن لەسەر شێوەی کۆتاییەکەی ئەوەی خۆی لە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێدا دەبینێتەوە مەرقۆس ١٠: ٢٩- ٣٠ .

هۆشداری بۆ یەکەمینەکان ودواهەمینەکان .

خودا ناڕوانێتە خەڵکی و سەرکەوتن و دەستکەوتەکانیان و چیان هەیە بەو شێوەیەی خەڵکی لێی دەڕوانن ، ١سامۆئیل ١٦: ٧ دەخوێنینەوە : " یەزدان وەك مرۆڤ تەماشا ناکات، چونکە مرۆڤ تەماشای ڕوخساری دەرەوە دەکات، بەڵام یەزدان تەماشای دڵ دەکات " هەروەها بڕوانە ١کۆرنسۆس ٤: ٥ ؛ مەتا ٧: ٢١- ٢٣ ؛ لۆقا ١٩: ١- ١٠ ؛ لۆقا ٢٣: ٣٩- ٤٣ ؛ مەرقۆس ١٢: ٤١- ٤٤ ؛ مەتا ٢٦: ٨ ؛ مەتا ١٨: ١- ٤ ؛

٢٠: ٢٠- ٢٨ . وەکو کرێکارەکانی ناو ڕەز کە وێنەیەکی ڕوونە لە بارەی بنەمای یەکەمینەکان کە دەبنە دواهەمین .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٠: ١- ١٥ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٠: ١٦ .

عیسا کۆتایی بەم نمونەیە دەهێنێت بەهەمان ئەو شێوەیەی کە کۆتایی بە باسەکانی هێنا لە مەتا ١٩: ١٦- ٣٠ " بەڵام زۆر لە یەکەمینەکان دەبنە دواهەمین و دواهەمینەکانیش دەبنە یەکەمین " عیسا ئاگاداری قوتابیەکانی و هەموو باوەڕدارێک دەکاتەوە نەبنە ئەو یەکەمینانەی کە دواتر دەبنە دواهەمین !

دەشێ سێ جۆر خەڵکی بە یەکەمین دابنرێن :

ئەوانەی پێیان وایە یەکەمینن ودەبێت خەڵات بکرێن لەوەی کردویانە!

ئەوانەی پێیان وایە یەکەمینن ودەبێت خەڵات بکرێن بەو شایستە بونەی کە کردویانە !

ئەوانەی پێیان وایە یەکەمینن و ئەو کارانەی کردویانە نابێت کەسانی دیکە خەڵات بکرێن لە بری ئەمان لەوەی کردویانە .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە

خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن؟

تێبینیەکان .

أ. ڕاڤەی میتافۆری .

زۆرجار بە هەڵە لەم نمونانە تێدەگەن بەهۆی ڕاڤەی میتافۆریەوە (مەجازی) . وەك بۆ نمونە ڕاڤەی ئیریناوس (١٣٠- ٢٠٠ زایینی) بەم شێوەیە ڕاڤەی نمونەکەی کردبوو ، خاوەن ماڵ خودایەو کرێکارەکان کە بەکرێ گیرابوون لە کاتە جیاوازەکاندا وێنەیەکن بۆ ئەو مرۆڤانەی لەسەرەتای بەدیهێنانەوە هاتنە بوون و ئەوانەی دوای بەدیهێنان هاتنە بوون و ئەوانەی لە کۆتایی زەمانەدا دێنە بوون.

ئۆریگانوس (١٨٥- ٢٥٤ زایینی) بەم شێوەیە ڕاڤەی نمونەکەی کردبوو ، خاوەن ماڵ وێنەیەکە بۆ خودا وە کرێکارەکان بیەکەم وێنەیەکە بۆ مرۆڤ لە کاتی بەدیهێنانەوە تا دەگاتە نوح وە کرێکارەکانی دوەم وێنەیەکە بۆ مرۆڤ لە نوحەوە تا دەگاتە ئیبراهیم و تاد ئیدی بەم شێوەیە وەکو نمونەی ڕاڤەی میتافۆری گریگۆریۆس ٥٤٠ – ٦٠٤ زایینی و لینسکی و ئەوانی دیکە کە ڕاڤەکانیان میتافۆریەو ڕەت دەکرێنەوە هەروەها ڕاڤەی دیکەش هەن هەر دەبێت ڕەت بکرێنەوە وەکو ڕاڤەی نمونەکە بکرێت بە جولەکەو ناجولەکە چونکە ئەم جۆرە ڕاڤانە پێچەوانەی فێرکردنەکان و بنەماکانی کتێبی پیرۆزن بڕوانە ٢ساڵۆنیکی ٣: ١٠ !

ب. ڕاڤەی وردەکاری گرنگ .

عیسا بۆخۆی ڕاڤەیەک و شرۆڤەیەکی نمونەکە دەکات بۆ بنەمای " بەڵام زۆر لە یەکەمینەکان دەبنە دواهەمین و دواهەمینەکانیش دەبنە

یەکەمین " بە دڵنیاییەوە عیسا مەبەستی لە قۆناغە جیاوازەکانی میژووی کڵێسا نیە !

خاوەن ماڵی زەوی مافی ئەوەی هەیە کێ بەکرێ بگرێ و چی لەپارەی خۆی بکات هەرچۆنێکی بوێت .

لەڕاستیدا عیسا لە شانشینی خودا لە خاوەن ماڵەکە دەچێت وا دەردەکەوێت بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەڕوانێتە هەموو شتەکان وهەموو مرۆڤەکان و بڕیار دەدات لەسەر چارەنوسی خەڵکی بە دەسەڵاتە شکۆدارەکەی خۆی ، مافی حوکم دان و دەسەڵاتدارێتی بابەتێکە تایبەتە بە خودا بە تەواوەتی ، ڕزگاریی دیاریەکی بێ بەرامبەرە نەك لە ئەنجامی هەوڵ وتێکۆشانی خەڵکیەوە ، ئەفەسۆس ٢: ٨- ٩ . ئەم خاڵەش زۆر گرنگە لە نمونەکەدا .

ڕێککەوتن لەگەڵ کرێکارەکانی یەکەمین دادپەروەرانە بوو.

کرێی ڕۆژانەی ئاسایی سەرباز وکرێکار لەسەردەمی عیسای مەسیحدا یەك دینار بوو ، لە ڕاستیدا خاوەن ماڵ یاخود گەورەی ماڵ لەسەر زەوی ڕێککەوت لەسەر کرێی کرێکارانی یەکەم وە دەرکەوت کە کرێکارەکان کار دەکەن لەپێناوی دەستکەوتنی کرێکەیان ، ئیدی خاوەن کار و ئەوانەی ئەم جۆرە کارە دەکەن وایان دانا ئەمە دادپەروەرانەیە چونکە هەردوولایان ڕێککەوتن لەسەری ، ئەم خاڵە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە نمونەکە .

کاژێرەکانی سێ یەم و شەشەم و نۆیەم و یازدەهەم .

ڕۆژ بە کاژێری شەش دەستی پێدەکرد لەبەرەبەیاندا ئەوەی پێی دەوترێ کاژێری یەکەم ، بۆیە کاژێرەکانی سێ یەم و شەشەم و نۆیەم و یازدهەم بەرامبەرە بە کاژێری نۆ و دوازدەی نیوەڕۆ و سێ یەم وپێنجەم بە عەسر (دوانیوەڕۆ) .

بەڵێن بۆ کرێکارەکانی دواهەمین .

خاوەن ماڵ یان گەورەی ماڵ لەسەر زەوی ڕێکەوتنی نەکرد لە دوانیوەڕۆدا لەگەڵ کرێکارەکانی یەکەمین بەڵێنی دا کە کرێیەکی بداتێ کە بە گونجاوی بزانێت . ئەم خاڵە لە نمونەکەدا هەروەها گرنگە .

وتەکانی ئێوارە .

ئەم وتانە گرنگن بۆ تێگەیشتن لە نمونەکە مەتا ١٩: ٢٨ ئاماژەیە بۆ کۆتایی زەمانە و مێژووی جیهان کاتێ مەسیح حوکم دەدات بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا . ئەم خاڵە سەرەکییەو پەیامی سەرەکی لە خۆدەگرێت لە نمونەکەدا .

سەرکاری ڕەز . هەندێ لە ڕاڤەکاران وای دەبینن کە سەرکاری ڕەز ئاماژەیەکی هێمادارە بۆ ئەو ڕاستیەی کە " باوك کەس حوکم نادات، بەڵکو هەموو حوکمدانی داوەتە دەست کوڕەکە " یۆحەنا ٥: ٢٢ . بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی نابینین کە سەرکارەکە شتێك بکات لە ئایەتەکانی ١١- ١٥ ئیدی ڕاڤەی ئەوەی کە گەورەی ماڵ وێنەیەك بێت بۆ باوك و سەرکار وێنەیەك بێت بۆ کوڕ ڕاڤەیەکی گوماناویەو تەواو نیە ، باشترە بڕوانینە سەرکار وەك ئەوەی کەسایەتیەکە لە چیرۆکەکەدا و بێ ئەو چیرۆکی نێو نمونەکە لاواز دەبێت ، کەسایەتی سەرکار لە نمونەکەدا شتێك لە وروژاندنەو ژیان دەبەخشێت بە چیرۆکەکە .

کرێدان لەپێشدا بەو کرێکارانەی کە لەدواییدا بەکرێ گیران .

ئەم خاڵە گرنگی خۆی هەیە بۆ تێگەیشتن لە نمونەکە .

هەموان وەك یەك کرێ وەردەگرن و هەمان خەڵات دەکرێن.

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا . وە بە تێڕوانین لە شرۆڤەکەی عیسای مەسیح بۆ نمونەکە یان جێبەجێکردنی دەزانین چۆن دەبێت ڕاڤە بۆ نمونەکە بکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی کرێکارانی ناو ڕەز لە مەتا ٢٠: ١- ١٦ فێرمان دەکات لەبارەی خەڵاتکردن لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : خودا ماف و دەسەڵاتی تەواوەتی هەیە بە ڕەهایی لەوەی دەیەوێ بەکاری بهێنێ لە شانشینیەکەیداو چۆنی بوێت و چۆن خەڵاتیان بکات لە کۆتاییدا ، بۆیە لە نێو ئەو شتانەی کە دەبێت خەڵکی وەلای نێن ئەوەیە لە یەکەمینەکان نەبن کە دەبنە دواهەمین ، ئیدی بەم شێوەیە ، دەبێت هەوڵ بدەن نەبنە نێچیری ڕۆحی کار لەپێناوی کرێیەك کە تایبەتە بە کاروباری ڕۆحی ! ، باوەڕداران ڕزگاریەکەیان بێ بەرامبەرەو لەدەستی خودایە نەك بەکاروکارکردن بەدەست بێت ! .

بڕوانە مەتا ١٩: ١٦ ، ٢٢ ، ٢٧؛ ٢٠: ٢، ١٣ ؛ مەتا ٢٠: ١٤- ١٥ ، ٢٣ ؛ مەتا ٢٠: ١٥ ، ٢٠- ٢٨ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەریەك لەم بەشە کتێبیانە چیمان فێر دەکات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نمونەکە فێرمان دەکات ؟

مەرقۆس ١٣: ٣٤ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ٥- ١١ .

خودا مافی ڕەهای هەیە لەوەی کێ بەکاربهێنێت بۆ خزمەتەکەی ، عیسای مەسیحی خوداوەند بەرپرسیارێتی ماڵەکەی دا بە خزمەتکارەکانی (کڵێسای مەسیح لە جیهاندا، یان شانشینیەکەی قۆناغی ئێستا) وە هەر یەك لە خزمەتکارەکانی دەستنیشان کرد بۆ خزمەتێك لە کڵێسادا و شانشینیەکەی مەرقۆس ١٣: ٣٤ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ٥- ١١ .

١کۆرنسۆس ٣: ١٠- ١٥ ؛ ٢تیمۆساوس ٤: ٦- ٨ ؛ ١کۆرنسۆس ٩: ٢٤- ٢٧ ؛ لۆقا ١٩: ١١- ٢٧ .

خودا ماف ودەسەڵاتی ڕەهای هەیە لەوەی خەڵاتی کام لە خزمەتکارەکانی بکات بەو شێوەیەی کە دەیەوێت ، ١کۆرنسۆس ٣: ١٠- ١٥ ؛

٢تیمۆساوس ٤: ٦- ٨ ؛ ١كۆرنسۆس ٩: ٢٤- ٢٧ ؛ لۆقا ١٩: ١١- ٢٧ بڕوانە پاشكۆی ٢ ؛ بڕوانە ١كۆرنسۆس ٣: ١٠- ١٥ .

لۆقا ١٧: ٧- ١٠ .

دەبێت باوەڕداران خۆیان بپارێزن لەوەی نەبنە نێچیرێكی ئاسانی ڕۆحی كار لەپێناوی كرێی كاردا ، بڕوانە وانەی ٣٩ . دەشێ پەیامی سەرەكی ئەم نمونەیە ئەمە بێت : دەبێت باوەڕداران هەوڵ بدەن بە سەرڕاستی خزمەت بكەن و كار بكەن لەسەرووی ئەوەی ئەركی خۆیانە ، دەبێت باوەڕداران بە گیانی كۆیلایەتیەوە كار نەكەن بەڵكو بە گیانێكی ئازاد و بە حەزو پەرۆش بوونەوە و بە دڵگەرمیەوە كار بكەن بەو پەڕی دڵخۆشیەوە وە بە گیانی خۆشەویستی و سوپاسگوزاریەوە خزمەت بكەن چونكە گیانی كۆیلایەتی خەڵاتی نیە لە شانشینی خودا . بڕوانە ١پەترۆس ٥: ٥- ٦ .

٦. كورتەی فێركردنی سەرەكی نمونەكە .

گفتوگۆی لەبارەوە بكە : ئەو فێركردنە سەرەكیە كامەیە نمونەكە پێشكەشی دەكات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بكەین و چۆن بین ؟

تێبینیەكان .

دەبێت هەموان خودا و سروشتەكەی بناسن .

خودا بە نیعمەتی خۆی هەموو باوەڕدارێك خەڵات دەكات لە حوكمدانی كۆتاییدا . بەڵام ئەم خەڵاتانە هەموی كە دەدرێت بۆ ئەوە نیە كە باوەڕداران شایەنین ، بەڵكو هەموو شتێك پشت دەبەستێت بە خۆشەویستی و نیعمەتی خودا ، ئەفەسۆس ٢: ١٠ !

هەموو باوەڕداران پێویستە بزانن چی بن و چۆن بن .

گرنگ ئەوەیە خزمەتی خودا بكەین بە ڕۆحێكی تەندروست و بە سەرڕاستی و هەوڵ و تێكۆشانەوە ، گەلی شانشینی خودا نابنە نێچیری

کار لەپێناوی کرێی کار لەوەی تایبەتە بە کاروباری ڕۆحی . لەبری ئەوە ڕاستی خوداو ماف ودەسەڵاتی ڕەهای خودا دەزانن لەوەی چۆنی بوێت وبەگونجاوی بزانێت بەو شێوەیە خەڵاتی خەڵکی دەکات .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " کرێکارانی ناو ڕەز ".
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە یەرمیا ٣٢، ٣٣، ٣٦ ، ٣٧. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .